# ئایا فێمێنیزم یەکسانە بە ژنێکی سەرکەوتوو؟
# هەڕەشەی کانیبالیزمێکی کولتوری

وەرگێڕدراو لە ڕۆژنامەی بەیانیانی سوید " داگێنز نیهێتەر" ڕۆژی 5 ی مایسی 2002

نووسینی نینا بیۆرک

وەرگێرانی: بەکر ئەحمەد

## پێشەکییەکی کورت

*ئـەم وتـارە لەلایەن نینا بیۆرك, یەکێك لە دەنگە ڕادیکاڵەکانی بزووتنەوەی ژنانی سویدییەوە نووسراوە. نینا لە ڕێگەی "لەژێر لێفە پەمەیـیەکەوە" وەك نووسـەرێك خـۆی دامەزرانـد و بـوو بـە دەنگێکـی ڕادیکاڵی بزووتنەوەی "فێمێنیستی" . فێمێنیزمێك کە نینا بە شوێنییەوەیەتی, جیاوازییەکی گەورەی لەگەڵ ڕەوتە جۆراوجۆرەکانی تـری فێمێنیزمی باودا هەیە. بۆ نینا فێمێنیزم دەبێ بۆ ژن بێت. بە کورتییەکـی شەڕ لەبەرانبەر نەهێشتنەوەی شوناسی جنسیدایە و گەڕانەوەیەکە بۆ ئینسان. هەر ئەمەشە کە تـایبە تمەندییەکی ئەوتۆ بە نینا و لێکۆڵینەوەکانی ئەو دەدا.*

"Who will you be in the next 24 hours" , ئەم پرسیارە لە گۆڤاری "جیهانی خانمان"ی زستانی 2001 دا و لـە گۆشـەی ڕیکلامـێکەوە خـۆی دەردەخـات. لـە ڕووی سـاف و لووسی بەرگی گۆڤـارەکەوە, ژنێکی قژڕەش, بە کراسێکی ئاودامانـی بێ قۆڵی تەنکەوە سەرنجدەهاوێ. بە مەچەکی دەستی چەپییەوە, کاتژمێرێکی ئاڵتوونی لە مارکەی Patek Philippe دەبینرێت.

تاوانێکی ڕیکلامی. بەڵام شتێکی تریش. ئاماژەیەك بەوەی کە ئێمە چەند ئینسانێکی مۆدێرنین. دەرفەتی کردنی پرسیارێکی واهـی: "دەتـەوێت کـێ بـیت لـە مـاوەی بیسـت و چـوار کاتژمێری تردا", لە کۆمەڵگایەکی پێش مۆدێرنیتەدا نەبوو. لە و کـۆمەڵگایەدا تـۆ نـەك هـەر لـە مـاوەی بیسـت و چـوار کاتژمێـری داهاتوودا, بەڵکو بە درێژایی هەموو تەمەن و لە ڕۆژی لەدایکـبوونەوە, لـەو خانەیە دەنرایت کە بۆت دانرابوو. تۆ کچی کابرای جووتیار بوویت. کوڕی قەشە بوویت یان کارەکەری ژنـی پاشـا بـوویت. تۆ ئینتیمات بۆ شارۆچکەیەکی بچووك هەبوو, بۆ ئایینێك, جنسێك یان چینێکی کۆمەڵگا. تۆ دەتزانی کێیت ئەگەر چی زۆریش بیرت لەوە نەکردایەتەوە .

لـە ڕۆژگارەکانی شوناسی ئەسڵ و فەسلدا, هیچ کاتژمێرێك توانای فرۆشتنی نەدەبوو ئەگەر بەرێوەبەری بەرێزی کارخانەش داوای لـە حـەز و ئارەزووەکانـی ئـێمە بکـردایە تـا کەسـایەتییەکی ترمان ببێت. تەنانەت هیچ ژنێکیش بە خۆی نەدەوت فێمینیسـت. ئاخـر هـەردوو دیاردەکـە ئـەو ئاڵوگـۆڕەی دەخواست کە ئێمە ئەمڕۆ پێیدەڵێین مودێرنێتە. هەردووکیان وایان دەخواسـت کـە "ئەسڵ و فەسڵ" بگۆڕدرایە بە "خوڵقاندن" و ژیانی تۆش ببوایەتە شتێك کە تۆ خۆت, وەك دەڵێن, بڕیاری بەسەردا دەدەیت. هەردووکیان ئەوەیان دەخواست کە تاکگەرایی ببێتە ئایدۆلۆژیایەکی باڵادەست.

بـیری هەڵبژاردنـی مارکـەی کاتژمێرێکـی تایبەتـی ئەو کاتە دێتە کایەوە کە ئینسان توانای هەڵبژاردنی "من"ی خۆی بۆ ڕەخسابێ. هەربۆیەش پرسیارەکە ئەو کاتە دەکرێ بکرێتەوە کە بۆچی هەندێك لە ئینسانەکان دەبێ لەوانی تر لەبانتر بن هـەر بـە هۆی ئەوەی کە خاوەنی جنسێکی ترن. بۆچی گروپێك لە ئینسان, پیاو, دەبێ بەسەر گروپێکی تری ئینسانەوە کە ژنانن سەردار ڕاگیرین؟

ئـەوەی کـە مـافی تاکبوون ڕێگری پێکنەهێنێت بە هۆی هەڵبژاردنی شوناسێکی گشتییەوە, شوناسێکی وەك جنس , هەمیشە یەکـێك لـە بـنەما فیکرییەکانـی بـزووتنەوەی ژنـان بووە. داخوازی بەرزکراوەی فێمێنیزمی پێشووتر بە شێوەیەکی تەواو کۆنکـرێت, بـە شـوێن ئـەوە بـوو کـە ژن بکاتـە ئینسانێکی ئازاد. لە ساڵی 1792 و لە "دیفاع لە مافی ژنان"دا, " ماری

وڵستۆنیکرافت" خوازیاری مافی خوێندن بوو بۆ ژنان. لەسەرەتای سەدەی بیستدا و لە ئینگلتەرادا, بزووتنەوەی ژنان خوازیاری مافی دەنگدان بوو. لە ساڵی 1925دا و لە وڵاتی خۆشماندا" قوتابخانەی هاوڵاتی" بۆ ژنان دامەزرا کە ئامانجی پەروەردەکردنی ژنان بووە لەسەر ئەوەی کە چۆن ببنە هاوڵاتییەکی ئازاد.

بەڵام ئەم ئاخاوتنەی فێمێنیزم سەبارەت بە "ئازادی" و "سەربەخۆبوون" لە ماوەی سەدەی ڕابردوودا, نەدەکرا لە بۆشاییەکی ئابووریدا ڕووبدات. بەڵکو لە چوارچێوەی سیستەمی سەرمایەداریدا ئیمکانی هەبوو, سیستەمێك کە لۆژیکە بناغەییەکەی بریتیە لە : ڕاوکردنی قازانج. ئەمەش مانای خۆی هەبووە. مافی ئەوەی تۆ وەك تاك بخوازیت چی بیت و چی بکەیت, تەنها پەیامێکی سیاسی نەبووە کە لەلایەن بزووتنەوەیەکی ڕادیکاڵی فێمێنیستییەوە داوادەکرا, بەڵکو بوەتە بیرێکی قازانجهێنەریش لە چوارچێوەی کۆمەڵگایەکی ئیستیهلاکی سەرمایەداریدا.

ئەم هەموو کاری شوناسە کە کۆمەڵگایەکی دیموکراتی مۆدێرن دەرفەتی بۆ دەڕەخسێنێ, وەك پرۆسەیەکی سەرسوڕهێنەر دێتە پێش چاو ئەگەر ئەوەی کە پێی دەڵێن بازاڕ شێوازێکی کۆنکرێتی نەدۆزیایەتەوە کە بەهۆیەوە سوودێکی گەورەی لێنەبات. ئایا ئینسان دەتوانێ ئازادی بکاتە سەرچاوەی قازانجێکی زیاتر, ئایا ئینسان دەتوانێ بەهۆی کاری شوناسی ئینسانەکانەوە بەهرەبەرداریەکی زیاتر بکات, ئەمانە هەمووی لە گۆشەنیگای کۆمپانیاوە وەك کارێکی سروشتی و پرۆژەیەکی جوان چاوی لێدەکرێت. ئەوەیشی لێرەدا وەك فاکتێك سەرنجدەدرێت ئەوەیە کە ڕیکلام, خزمەتکارە گەورەکەی سەرمایەداری, هەمیشە و بەردەوام داوامان لێدەکات کە شوناسەکانی خۆمان بەو جۆرە هەڵبژێرین کە لەگەڵ هەڵبژاردنێکی ئیستیهلاکیانەدا دێتەوە.
"Who will you be in the next 24 hours" , با وەڵامی ئەو پرسیارە ئەوە بێت, وەك ئەو ژنەی کە کاتژمێرێکی مارکەی Patek Philippe ی لە دەستدایە. با وەڵامی ئەو پرسیارە, با هەموو ئەو شتەی کە پەیوەندی بە شوناسەوە هەیە لە دەوری کاڵاوە جەمسەربەستێت. " منی خۆت بکڕە!" ئەمە وەڵامی بازاڕی سەرمایەدارییە بە خەونی ئەو تاکە ئازادەی کە باسکرا.

هەربۆیەش پرسیاری ڕیکلامەکەی گۆڤاری خانمان" Who will you be in the next 24 hours", تەنها باسی خۆناسینی مۆدێرنانەی خۆرئاواییانەی خۆمان نییە, وە هەروەها باسێکیش نییە لە خەونە دێرینەکەی بزووتنەوەی ژنان کە دەیوت خۆمان دەبێ توانای هەڵبژاردنمان هەبێت لەوەی کە چی بین و بەچی بین , بەڵکو گێڕەرەوەی ئەو شتەیە کە لەبەر چاوە, باسی کاتژمێرێکە کەبە مارکەی Patek Philippe دەناسرێت, بەکورتییەکەی کاڵایەك کە ئیستیهلاك دەکرێت.
بە واتایەکی تر ئەم پرسیارە ئەو باسەمان بۆ دەگێڕێتەوە کە کە سیاسەتێکی ڕادیکاڵانەو ئارەزووی قازانجێکی ئابووری زیاتر, دەکرێ شان بە شانی یەکتری بڕۆن و پشت و پەنای یەکتریش بکەن.
ئەم ڕیکلامەی گۆڤاری خانمان, وە هەموو ڕیکلامەکانی تریش ئەوەمان نیشاندەدات کە ڕیکلام تەنها پەیامی نێردراوی مێشکی کەسێکی داهێنەری, جا زۆر یان کەمی کۆمپانیا نییە, بەڵکو دەقێکە کە کتومت زادەی گەشەکردنی ئەو کەش و هەوا سیاسی و ئابوورییەیە کە کۆمەڵگا بەرهەمی هێناوە. ڕیکلام هاوکات خوڵقێنەرە و لەگەڵ بۆچوون و بەهاکانی ناو کۆمەڵگادا دەچێتە دیالۆگەوە. بە تایبەتی لەگەڵ ئەو بزووتنەوانەدا کە بە شێوەیەك لە شێوەکان, هەڵو مەرجی باو و سیستەمی دەسەڵاتدار دەخەنە ژێر پرسیارەو و لەبەرانبەریدا ڕادەوەستنەوە. ڕیکلام ئەو توانایەی هەیە و ئەو کاریگەرییە دادەنێت لەسەرمان بە تایبەتی لەو ئاستانەدا کە ئێمە بە شوێن خەونێکەوەین.

بەڵام ڕیکلام ئەم کارە چۆن دەکات؟ لۆژیکی ئەو چییە؟ لەبەر ئەوەی ئەو بەها جۆراوجۆرانەی ڕیکلام دەیەوێت کەڵکی لێوەربگرێت, بە نموونە بەهاکانی وەك ئازادی, سەربەخۆبوون, نەقاوەت....هتد تەنها لەواقیعدا توانای خوڵقاندنیان هەیە و لەلایەن ئینسانی واقیعییە و بە بوونی هەست و نەستی واقیعییەوە دەکرێ بوونی هەبێت. بۆیە ئینسان دەتوانێ بڵێ کە ڕیکلام بە پلەی یەکەم لەسەر بنەمای مشەخۆرییەکی چالاکانەوە دادەمەزرێنرێت. ڕیکلام بەهاکان لە واقیعەوە

دەگوێزێتەوە بۆ ئەتمۆسفێری کاڵاکان. بە جۆرێك کە ئیتر بەها( نەك بە مانای بەهای کاڵاکان, بەڵکو ئەو بەهایانەی کە پەیامی بزووتنەوە سیاسییەکان, ئازادی , سەربەخۆبوون- تێبینی وەرگێڕ) و کاڵاکان لەیەکەوە دەئاڵێنرێن. بۆ نموونە ئیتر ئازادی یەکسان دەکرێتەوە بە پریپس ( جۆرێکە لە بیرە لە سوید ), سەربەخۆبوون دەبێتە ڤۆڵڤۆ. ئەمە کاری بەشێ لەو پیشەسازیەی ئەمڕۆیە کە ئەو بەهایانەی کە ئینسان بە شوێنیوەیەتی و خوازیاریەتی, دەبەستێتەوە بە هەڵبژێردراوێك لە و کاڵایانەی کە بەرهەمی دەهێنن. مەبەستیش ئاشکرایە, تا ئێمە وا لێبکەن کە هەست و ئارەزووی کڕینمان لەگەڵ یەکدا تێکەڵ بکەین.

لەمڕۆدا کەم شت هەیە کە لە چنگاڵی ئەم کانیبالیزمە کولتورییە سەلامەت دەرچوو بێت. بزووتنەوەی فێمێنیستی بێگومان لەبەرەی ڕزگاربووکانی بەردەمی ئەم پەلامارەدا نییە. ئاخر لەناو فێمێنیزمدا و ئەو بەهایانەی کە فێمێنیزم وتەبێژییەتی, چەمکەکانی لەسەر پێی خۆڕاوەستان", "سەربەخۆبوون" خاوەنی کاریزما و تیشکپەخشکردنەوەیەکی گەورەن. ئەوەیشی کە پارادۆکسە ئەوەیە کە کە ئەو بەهایانە بە هەمان شێوە جومگەیەکی گەورەی ئەو کولتوری "زیادلە پێویست شت کڕین " ە یە کە لە ناو ئێمەدا بوونی هەیە. بۆیەش کاتێك کۆمپانیایەکی وەك Elisabeth Aeden ڕیکلام بۆ بۆنی 5th Avenue خۆی دەکات, زیاتر ئاشکرا دێتە پێش چاو کە کایەکردن بە چەمکەکانی ئازادی ژنان و خوددروستکردن و لەسەر پێی خۆڕاوەستان چەند ڕەهەندێکی تر بەو کاڵایە دەبەخشێت و چۆن لەمسێکی تر دەبەخشێتە بەرهەمەکە.

لەسەر وێنەیەکی ڕەش و سپی کە وێنەی ئافرەتێکە و لەشەقام دەپەڕێتەوە لە یەکێك لە شەقامەکانی نیویۆرکدا دەبینرێت, ئەم دێڕانە دەخوێنرێتەوە: "I am the leader of my own free world". ئەمە دەربارەی ئەو خەونە ئەمریکییە کە دەیزانین, بەڵام نەك هەر بە تەنها ئەوە, بەڵکو ئەم وێنەیە بە هیچ شێوەیەك نەیدەتوانی کاری خۆی بکات ئەگەر وێنەکە پیاوێك بوایە و بنووسرایە: "برسی دەسەڵات" یان" خۆدامەزراو". ئاخر ئەم پەیامە لەگەڵ ژندا بە جۆرێکی تر کاردەکات چونکە بزووتنەوەی ژنان وێنەی ژنێکی ئازاد و بەهێزی بە دەیەها وەسفی پۆزەتیڤانە بارگاویکردووە و ئەوەشمان لەیاد نەچێت کە ژن لە جێگاو شوێنێکی ژێرەوەییانەی کۆمەڵگاوە دەنگهەڵدەبڕێت.

کاتێك کۆمپانیا بەم شێوەیە مشەخۆری بەسەر بزووتنەوەیەکی سیاسی و بەهاکانیانەوە دەکات, ئەو بەهایانەی کە بۆ خاوەنی کارخانەکان هیچ شوێنێك داگیرناکات, نەك بەمە هەر کاڵاکانیان بارگاویدەکەن بە بەهاکانی ئەو بزووتنەوە سیاسیەوە کە هی ئەوان نییە, بەڵکو خودی بزووتنەوە سیاسییەکە و بەها سیاسییەکانیشی لە بناغەوە دەگۆڕن. کاتێك ئینسان دەیەوێت لە خیتابی ڕیکلام بکۆڵێتەوە لە گۆشەنیگای ئەوەوەی کە چی لە فێمێنیزم دزیوە, ئەوا بۆمان ڕۆشندەبێتەوە کە هەندێك لە بەهاکان لەلایەن ڕیکلامەوە دەستی بەسەردا گیراوە و هەندێکی تریشی وەك خۆی هێڵراوەتەوە. ئایدیاکانی "سەربەخۆبوون", مافی شوناسی کار و خەونی خۆدروستکردن ئەو لایەنانەن کە دنیای ڕیکلام دەستی بەسەردا گرتووە نەوەك ئەو سیستەمی شیکردنەوەیەی کە فێمێنیزم بە شوێنیەوەیەتی و باس لە خوشکایەتی, بونیاد, ڕێگاچارە کۆلێکتیڤییەکان یاخود هاوپشتی لە نێوان ژناندا دەکات. ئەو فێمێنیزمەی کە بەبەرەکەتە بۆ کۆمپانیاکان و دنیای ڕێکلام, فێمێنیزمێکە کە تا ئاستێکی ئێجگار گەورە ئیندیڤیچوالیزە کراوە.

ئەوەی تۆقێنەرە ئەوەیە کە تەنها لەم کولتوری ڕیکلامسازیەدا نییە کە فێمێنیزم بەم شێوازە بەرجەستەدەکرێتەوە, بەڵکو ئەو فێمێنیزمەیشی کە لەم ساڵانەی دواییدا لە مێدیا و کتێبی لێکۆڵینەوەکانیشدا سەری دەرهێناوە هەر هەمان شتە. شێوازێك لە فێمێنیزم کە نەك هەر مۆری پەسەندکردنی لێدراوە, بەڵکو بووەتە جۆرێك لە مۆدە. ئەوەتانێ کاتێك نووسەری ئەو کتێبە فێمێنیستییانەی کە باس و لێکۆڵینەوەیەکی گەورەی بەدوای خۆیدا هێنا, بۆ نموونە لە پێشەکی کتێبی "Fittstim" دا, نووسەرەکانی دەڵێن:" ئێمە جوانین, دانایین, قسەخۆشین, جەربەزەین وە لەگەڵ ئەوانەشدا فێمێنیستین."

لێرەدا ئەو مەترسییەی کە فێمێنیزم دەکرێ تووشی بێ ئاشکرا دەبێت, مەترسی ئەوەی کە فێمێنیزم بگۆڕدرێت بە پرسیاری ئەو سیفەتە شەخسییانەی کە لە ژنێکدا دەکرێ هەبێت. بەمەش وەك لە هەندێ فێمێنیزمەکانی تردا هەیە, پرسیارەکە دەبێت بەوەی کە کەمتر قسە لەسەر گۆڕینی هەلومەرج بێت و زیاتر ببێت بەوەی کە ژن وەك "خودێك" خۆی بگۆڕێت.
ئەوەی کە لەمڕۆدا فاکتێکە ئەوەیە کە لەیەکچوونێکی سەرسوڕهێنەرانە هەیە لە نێوان ئەو ژنە ئایدیاڵەی کە لە خیتابی ڕیکلامەوە دێتەدەر و ئەو فێمێنیستەیشی کە لەسەر شانۆی کولتۆردا خۆیدەردەخات. بۆ هەردووکیان ئامانج یەکە: هەستی خۆ, کۆنترۆڵ, سەربەخۆ و ئازادکراو. کچان دەبێ بزانن چییان دەوێت, دەبێ دەمەوەربن, کار لەسەر خۆیان بکەن و بەشوێن کارێکی خاوەن پلەوپایەی "مستقبل"ییەوە بن. بە شێوازێکی نیگەران ئامێزەوە فێمێنیزم و خەونەکانی دنیای کاڵا, ئیدیاڵ و دیدوبۆچوونەکانی ئینسان زیاتر لەیەك نزیکبوونەتەوە.

بەڵام ئەوەش ڕاستییەکە کە سەربەخۆیی ژن وەك تاك ئامانجێکی هەمیشەیی بزووتنەوەی ژنان بووە, بەڵام بۆ گەیشتن بەوە, ڕێگا بریتی بووە لە هاوپشتی و خەباتێکی پێکەوەیی. فێمێنیست بوون بریتی بووە لە کۆششی بەردەوام بۆ گۆڕینی بونیاد نەك بەوەی سەرکەوتوو بیت لەکردنی شتێکدا بۆ خۆ. جا ئەو شتە گەورەکردنی مەمك بێت یان بوون بە بەڕێوەبەری باڵای کارخانەیەکی گەورە.
لە بزاوتێکی سەرسوڕهێنەردا, ئەوەی کە "خود" چی بێت, یان هەڵدان بە باڵای ژنێکی بەهێز و چووەپێشەوە و سەرکەوتوو لە بواری کاردا بووەتە هاوتازای فێمێنیست. بەمەش پرسیاری سەرەکی و مەقسەد کەمدەکرێتەوە بۆ ئاستی پرسیارێکی "شەخسی" و ئەو بابەتە هاوبەشەش دەگۆڕدرێت بۆ ئاستی پرسیاریکی تایبەت بە تاك.

لەوە دەچێت کە بناغەی ئەم کێشەیە لەوێوە سەرچاوەیی گرتبێت کە ئێدیاڵی ئینسانی بزووتنەوەی ژنان نەیتوانی بێت لە کۆمەڵگایەکی کۆمێرسیاڵی بازاڕدا بە زیندوویی بمێنێتەوە. ئاخر ئەمە شتێکی حاشاهەڵنەگر بووە کە کاتێك فێمێنیزم بە درێژایی مێژوو قسەی لەسەر خۆپێگەیاندن و سەربەخۆبوون کردووە, ئەوە بەشێوەیەکی شاراوە بەشێکی لە "خود" لە خەیاڵدا بووە." ئەو خودەی کە دەنگی خۆی دەبینێتەوە , حەقیقەتی خۆی دەبینێتەوە وەو نووسرەوەی واقعیەتی خۆیشیەتی.

لەوانەیە هەر ئەم "خۆ"یەش بێ, ئەم شوناسە بێت, ئەو شتەی کە ئابووری سەرمایەداری دەبوایە دووبارە سازی بداتەوە بە پێی دیدی زیاتر کەڵەکەکردنی قازانجی خۆی: "کە هەموو شتێك ئیمکانی هەیە هەر هێندەی دەربارەی پارە بێ"
ئەمەش بە پێی ئەو لۆژیکەی کە دەڵێ: بەهاکان, ئینسانەکان, بیروڕاکان , کەرەستەخاوەکان و تەنانەت خەونەکانیش دەبێ خۆی لەگەڵ کەشوهەوای ئابووریدا بگونجێنێت و هاوڵاتیانیش ببنە کڕیار.

ئەگەر ئەم ڕەوتە فیکرییە دروست بێت, ئەوا دەریدەخات کە چۆن ئەوەی کەئینسان بین پابەندە بەوەی کە چۆن کۆمەڵگاو ئابووری ڕێکدەخەین. ئەمەش بەمانای ئەوە دێت کە ئێمە چۆن لەکەنارەوەنراوین و لە ناخی خۆماندا برینداریین. ئەمەش بەو مانایە دێت کە چەند دەبێت بەئاگا بین لەوەی ڕێ بە کێ بدەین تاکو ئایدیاڵە ئینسانییەکانمان بۆ بکێشێت.
ئەوەی من لێی دەترسم ئەوەیە کە لەهەر جێیەك لەم سەر زەویەماندا ئینسانێك پەیدا بێت و خەون بە ئازادییەوە ببینی, ئەوا کەسانێکی تر پەیدا ببن" کەسانێك کە ئیمکاناتێکی ئابووری هێندەیان هەیە تا ئەو خەونە بگۆڕنەوە بە خەون بە کاتژمێرێکەوە کە هەڵگری مارکەی **Patek Phillippe**.